# مێزگردی ئینستیتیوتی مێری سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی هەرێم و وەك دەسپێشخەریەك بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناخی ئاینده، ئینستیتیوتی مێری بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای پەرەپێدانی یاسایی مێزگردێکی لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٣١/ ١/ ٢٠١٧، بۆ بژاردەیەك لە پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، ئەویش بە مەبەستی تاوتوێکردنی یاسای هەلبژاردنی کارپێکراو و دەستنیشانکردنی ئەو بڕگە سەرەکیانەی کە پێویستیان بە هەموار کردنەوە هەیە.




ئامادەبووان لەو مێزگردە بریتی بوون لە جێگری سەرۆکی پەرلەمان و زۆربەی سەرۆک فراکسیۆنەکان و کۆمەڵێك لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی، وە هەروەها ئەندامانی سەرۆکایەتی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان.

تەوەرە سەرەکیەکانی مێزگردەکە بریتی بوون لەو بڕگە هەستیارانەی کە پێویستیان بە دیبەیتێکی لوتکەیی ناو حیزبەکان هەیە و دواتر پێویستیان بە ڕێکەوتنی سیاسی و کۆدەنگی نێوان حیزبە سیاسیەکان هەیە پێش ئەوەی بۆ هەمواركردنەوەی یاساکە یەکلا ببنەوە. لەوانە:

1. چۆنیەتی دیاری کردنی بازنەکانی هەڵبژاردن: ئایا هەڵبژاردن یەک بازنەیی وەیان فرە بازنەیی بێت؟
2. شێوازی لیستە کردنی پاڵێوراوان: ئایا بە لیستی داخراو، کراوە، یاخود نیمچەکراوە بێت؟
3. سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی چۆن بێت و هێڵی بڕیاردان لە کام ئاستدا بێت؟
4. چۆنیەتی دابەشکردنی دەنگی ماوە بەسەر لیستەکان دا؟
5. سیستەمی کۆتا، ژمارەکەی چەند بێت و پێوەرەکانی ئەو سیستەمە چۆن بێت؟
6. سنووری هەڵبژاردن لە کوێ بێ: ئایا ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەشداردەبن؟
7. چۆن ئاستی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژادن زیاتر بکرێت و سیستەمی تۆماری دەنگدەران تۆکمە بکرێ و دیاردەی (تەزویر) چارەسەر بکرێت؟







ئەو تەوەرانە و چەندین پرس و پرسیاری دیکەی کە لە ئارادانە هاتنە باسکردن و دیارە دواتر پێویستیان بە دیبەیتی چڕو پڕی دیکە هەیە پێش ئەوەی دوا داڕێژتەی ڕەشنووسی پرۆژەیاسای هەموارکردنەوە ئامادە ببێ. بۆیەش لە کۆتایی ئەو مێزگردەدا داوا لە سەرجەم نوێنەران کرا بەوەی کە لە ماوەی ئەو چەند هەفتەیەدا هەمان دیبەیت لەنێو خودی حیزب و لایەنەکاندا بووروژێنن و دواتر روانگە و بۆچوونی تایبەت بە خۆیانەوە بێننەوە مێزگردی داهاتوو کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبەسترێت.







واتە، ئەو مێزگردە تەنیا یەکێك بوو لە زنجیرە چالاکیەك و بەشێکە لە پرۆژەیەکی نەپساوەی ئینستیتیوتی مێری بۆ هاندانی دیبەیتی دیموکراسی و کارا کردنەوەی پەرلەمان، وە بۆ پاڵپشتیکردنی پەرلەمانتاران بۆ داهێنانی مۆدێلێکی سەردەمیانەی هەڵبژاردن بە جۆرێك کە لەگەڵ قۆناخی ئێستا بگونجێ و لە ئاستی خواستی خەڵکی هەرێمدا بێ و لە هەڵبژاردنی ئایندەشدا بایی ئەوەندە سەرکەوتووبێ کە بتوانی کاروانی دیموکراسیەت هەنگاوێکی دیکە بباتە پێشەوە.





بێگومان، له جیهانی دیموکراسیدا، مۆدێلی جیاواز کاریان پێکراوه و ئەزموونی مەزن کەڵکە بوونه که دەکرێ سوودیان لێ وەربگیردرێت. له هەرێمیشدا پرۆسەی هەڵبژاردن بەپێی هاوکێشه سیاسیەکانی پێشوو و بارودۆخی نائاسایی گەشەیان کردووه. هەڵبەته کەموکوڕیەکانی سیستەم لای هەمووان ئاشکرانه، بەڵام لەبەر هۆی بابەتیی جیاواز هێشتا مۆدێلی نموونەیی نەهاتووەته کایەوە. بۆیەش دەبێ کاری توێژینەوە و دیبەیتەکان هەمیشه زیندوو و بەردەوام بن.

شایانی باسه که ئینستیتیوتی مێری پشتگیری نێودەوڵەتی، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپایی، بەدەستهێناوە بۆ بەردەوام کردنی دیبەیتی سیاسی و پرۆسەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، وه به نیازه له ئایندەدا و به بەشداری پسپۆڕی دەرەکی مێزگردی دیکه له ناوەوە و دەرەوەی هەرێم ئەنجام بدات.

.

